
# دیالێکتیکی ئیستاتیکا و ڕەخنەی کولتووری

بەرەو ئاسۆی سێیەم لە شیکاری ئەدەبیدا

**سوهەیب فاروق**






١٣ی ئابی ٢٠٢٦ وتار

پرۆسەی ئەدەبی هەمیشە لەناو کێشمەکێشێکی ئەبەدیی زمانەوانیدا گەورە دەبێت. شیعر لە بنەڕەتدا هەوڵێکی ڕادیکاڵە بۆ دەربازبوون لە قاڵبە ئۆتۆماتیکییەکانی ئاخاوتنی ڕۆژانە. ئەو کاتەی زمان لە ڕووبەری گەیاندنی سادە دەچێتە دەرەوە، دەبێتە کایەیەکی سەربەخۆ، ئەم سەربەخۆییە مێژوویەکی درێژی ململانێی لەگەڵ دەزگا جیاوازەکانی دەرەوەی ئەدەب بەرهەم هێناوە. پانتایی ڕۆشنبیریی هاوچەرخ گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو جەمسەری گەورەیە: یەکەم، تێڕوانینی جوانیناسی (ئیستاتیکی)ی ڕەها، کە بەهای دەق لە

پۆتانسێلیی ناوەکیی زماندا کورت دەکاتەوە؛ دووەم، ڕەخنەی کولتووری (ڕۆشنبیری)، کە بەدوای نەسەقە شاراوەکانی دەسەڵات، مێژوو، باوکسالاری و نائاگاییی کولتووریدا دەگەڕێت.

هەوڵ بۆ تێگەیشتن و تیۆریزەکردنی ئەم ململانێیە دەدەین، لە ڕێگەی پێناسەکردنی هەندێک لە چەمکە جەوهەرییەکانی وەک **ئاکتوالیزاسیا، ئاشناییسڕینەوە، نامۆکاری و شیعریەت**، لە بەرانبەر ستراتیژییەکانی **ڕەخنەی کولتووری** و چەمکی **نەسەق** لای عەبدوڵڵا غوزامی. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، پێویستە بە کورتی چەمکە سەرەکییەکانی ئەم باسە پێناسە بکەین.

**ئیستاتیکا -جوانیناسی:** زانست یان تێڕوانینێکی فەلسەفییە، کە سروشتی جوانی، چێژی هونەری و داهێنانی زمانەوانی دەپشکنێت، بە جۆرێک زۆر کات بەهای دەق لە بونیادە ناوەکی و فۆڕمالیستییەکەیدا کورت دەکاتەوە. " گرنگی دەدات بە دۆزینەوەی ماهییەتی جوانی و ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی جوانی و فۆنیمەکانی لە بابەتەکاندا و جیاوازییەکانی جوانی لە سروشت و دیاردەکانی تری ژیان بەلای مرۆڤەوە"(حسێن،٢٠٠٨، ٢٠). پێناسەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئیستاتیکا توێژینەوەیەکی قووڵی فەلسەفییە، بۆ دۆزینەوەی ماهییەت و بونیادی ناوەکیی جوانی لە بابەتەکاندا. هاوکات سنووری نێوان جوانیی سروشتی و ئەو جوانییە خولقێنراوە ڕوون دەکاتەوە، کە مرۆڤ لە ڕێگەی داهێنانی زمانەوانی و هونەرییەوە بونیادی ناوە.

**نەسەق:** پێکهاتەیەکی مێژوویی، نادیار و جێگیرە لەناو نائاگای گشتیی کۆمەڵگادا، کە لەڕێگەی زمان و فەرهەنگەوە دەگوازرێتەوە و ڕەفتار و تێڕوانینەکان ئاڕاستە دەکات. "لە قووڵایی گوتارەکاندا خۆی حەشار داوە و لەنێوان زمان و زەینی مرۆڤدا دێت و دەچێت، بەبێ هیچ چاودێرێکی ڕەخنەیی کاری خۆی دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕەخنە بە ئیستاتیکاوە خەریکە"(تاتانی:٢٠٢٥، ٨٦) و نایپەرژێتە سەر نەسەق. عەبدوڵڵا غوزامی پێی

وایە: "نەسەق لەنێو تێکستدا بە شێوەیەکی پەنهان دەجوولێتەوە، بەردەوام دەتوانێت ماسک بەکاربهێنێت و خۆی بشـــارێتەوە، ماســـکی جۆراوجۆر لە گرنگترینیان بریتییە لە ماســـکی ئیســـــتـاتیکـای زمـانەوانی"(ئەســــوەد:٢٠٢٥، ٢٢). لێرەوە جوانیی ڕواڵەتیی زمـان دەبێتە پەردەیەک بۆ داپۆشـــــینی ئەو عەیب و دۆگما فەرهەنگییانەی، کە لە نائاگای دەقەکەدا کار دەکەن.

**ڕەخنەی کولتووری:** ڕەخنەی کولتووری، کە بە-ڕۆشـــنبیری-یش لە کوردیدا وەرگێڕراوە، مێتۆدێکی شـــیکاریی فرەپســـپۆڕییە، کە ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە دەقەکان نەک وەک کایەی جوانیی ڕووت، بەڵکوو وەک بەرهەمێکی فەرهەنگی، کە سیستمەکانی دەسەڵات، ئایدۆلۆژیا و عەیبەکانی نەسـەق لە ناو خۆیدا حەشـار دەدات. "گرنگی دەدات بە ڕەخنەی ئەو نەسـەقە شـــــــاراوانەی لەنـــاو گـوتـــاری کـولـتـووریـــدا هەن، بە هەمـوو دەرکەوتە و جـۆر و شێوەکانییەوە"(تاتانی: ٢٠٢٥، ٩٨).

**ئیســتاتیکای هۆشــیار:** جۆرێکە لە تێڕوانینی ئەدەبیی هاوســەنگ، کە داهێنانی زمانەوانی و بەرزترین ئاســتی لادانی مێتافۆری، لەگەڵ هۆشــیارییەکی قووڵی مرۆیی و ئەخلاقی لەوێدا بەرانبەر بە واقیع یەک دەگرن؛ ئەم چەمکە وەک فەزایەکی ناوەند وەهایە، کە ڕێگا نادات جوانیی فۆڕم ببێتە دەمامک بۆ شاردنەوەی ستەمکاری و نەسەقە تاریکەکانی دەسەڵات.

جوانیی دەقی شیعری لە توانای شۆککردنی وەرگردا خۆی دەنوێنێت، زمانی باوی کۆمەڵگا زمانێکی خەوتووە، وشـــەکان بەهۆی دووبارەبوونەوەی بەردەوامەوە بەها هەســـتیارەکەی خۆیان لەدەست دەدەن. لێرەوە ئەرکی شاعیر دەست پێ دەکات، فۆڕمالیستە ڕووسەکان، بەتایبەت ڤیکتۆر شــکلۆڤســکی، چەمکی 'ئاشـــناییســـڕینەوە'یان وەک کۆڵەکەی ســـەرەکیی شـــیعریەت ناســـاند. دەق-کارە هونەرییەکە شـــتە ئاشـــناکان وەردەگرێت، دەیانخاتە ناو ســیاقێکی نامۆوە، بەمەش پرۆســەی وەرگرتن درێژخایەن دەکات. خوێنەر چی تر ناتوانێت بەخێرایی بەسـەر وشـەکاندا تێبپەڕێت، پێویستە تێ ڕابمێنێت. واتە "ئێمە پێویستمان بەوەیە

ئاشـنا بکەین بە نامۆ، واتە نائاشـنای بکەین- سـەرلەنوێ سـەیری ئەو شـت و ڕووداوانە بکەین، کە بە ڕادەیەک پێیـان ئـاشــنـا بووین، وەک ئەوەی نەیـانبینین"(بەرزنجی و بەرزنجی:٢٠٢٤، ٤٩٨). ئەرکی هونەر ســڕینەوەی ســڕبوونی زەینە بەرانبەر بێزرخبوونی زمان؛ لە ڕێگەی ئاشناییسڕینەوەوە، شتە بەردەست و باوەکان سەرلەنوێ سەرسوڕمانی خولقێنەرانەی خۆیان دەسـت دەکەوێتەوە. شـیعر بە درەنگخسـتنی پرۆسـەی وەرگرتن، خوێنەر لە وەرگرێکی پاسیڤ و ناهۆشیارەوە دەگۆڕێت بۆ تێڕامێنێک، کە لەبری تیپەڕبوون بەسەر ڕووی دەقدا، لە قووڵاییی هۆشیاریی زماندا دەژی.

هاوشانی ئەم چەمکە، قوتابخانەی پڕاگ چەمکی 'ئاکتوالیزاسیا'یان پەرە پێ دا. ئاکتوالیزاسیا پرۆسـەی هێنانەپێشـەوەی بونیادی زمان خۆیەتی لەسـەر حیسـابی پەیامە واقیعییەکە. لە زمانی ئاسـاییدا، سـەرنج لەسـەر واتایە، بەڵام لە زمانی شـیعردا، فۆڕم، دەنگ، کێش و وێنە شـیعرییەکە دەبنە سـەنتەر. ئەمەش پۆتانسـێلی زمان بەرز دەکاتەوە بۆ بەرزترین ئاسـتی خۆی، کە پێویستیی بە هۆشیارییەکی تەواو شاعیرانە هەیە. مۆکارۆڤسکی لە وتاری 'زمانی ئەدەبی و زمانی شـــیعری'دا دەڵێت:"ئەرکی زمانی شـــیعری لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە ئاخاوتن بگاتە ئەوپەڕی ئاکتوالیزاسـیا... ئاکتوالیزاسـیا پێچەوانەی ئاوتۆماتیزاسـیایە، کەواتە ئاکتوالیزاسـیا هەڵوەشـاندنەوەی ئاوتۆماتیزاسـیای کارێکە، تا زیاتر ئاوتۆماتی بێت کەمتر هۆشیاریی لەگەڵدایە"(محەمەد:٢٠٢٣، ٣٨). واتە ئەرکی شیعر شۆککردنی زەینی خوێنەرە لە ڕێگەی لادان لە زمانی باوی ڕۆژانە، کە مرۆڤ بە ناهۆشـیاری ڕاهاتووە لەسـەری. کاتێک زمان لەو میکانیکیبوونە دادەماڵرێت، فۆڕم و واتـای نوێ لەدایک دەبن و خوێنەر نـاچـار دەکەن سەرلەنوێ بیر بکاتەوە.

شـاعیر بۆ هێنانەکایەی ئەم لادانە ئیسـتاتیکییە، پێویسـتی بە کێڵگە جیاوازەکانی کولتوور، ئاین و نەریت هەیە. ئەو کەرەسـتە خاوەکانی خۆی لە باوەڕە گشـتییەکان، ئەفسـانەکان و هێما مێژووییەکان وەردەگرێت. کاتێک دەسـتیان بۆ دەبات، بەپێی یاسـای ئاکتوالیزاسـیا

دایانڕێژێتەوە، مانا باوەکانیان لێ دەسەنێتەوە. ئەمە لادانێکی کولتووریی گەورەیە؛ شاعیر تابووەکان دەشکێنێت، پیرۆزییە دەستکردەکان پووچەڵ دەکاتەوە، ئاسۆی چاوەڕوانیی خوێنەر فراوان دەکات. خوێنەرێک بە کۆمەڵێک پێشگری فەرهەنگییەوە دەچێتە بەردەم دەق، بە بینینی ئەم وەرچەرخانە زمانەوانییە، ئاسۆ فیکرییەکەی دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.

گورزە گەورەکەی ڕەخنەی کولتووریی توندڕەو یان دیدگا ئایدۆلۆژییەکان لەم خاڵەدا لە جەستەی ئەدەب دەدەرێت، کە بریتییە لە بەمەجازبوونی واقیع و دروستکردنی مەترسیی پۆلیسێتیی فیکری، چونکە زمانی شیعر زمانێکی مەجازییە و کۆدە شیعرییەکان ئاماژەی ڕاستەوخۆ بۆ واقیعی دەرەکی ناکەن. بۆ نموونە؛ کاتێک دەقێک دەڵێت **'خوداوەندی ئەوین'**، ئەم دەستەواژەیە گۆڕینی فۆڕمی زمانە بۆ گەیشتن بە لووتکەی وێناکردنی جوانی، نەک بڕیارێکی تیۆلۆژی لەبارەی فرەخواییەوە.

کارەساتەکە کاتێک دەقەومێت، کە ڕەخنەگرێکی کولتووری، پیاوی ئاینی یان سیاسی، کۆدی شیعری بە پێوەرەکانی کۆدی واقیعی بخوێننەوە. ئەوان مەجاز و واقیع تێکەڵ دەکەن و بەم تێکەڵکردنە، دادگاییکردنی شاعیر دەست پێ دەکات. ڕەخنەی کولتووری کاتێک دەبێتە پۆلیسێکی ئەکادیمی، بە ناوی پشکنینی پاشبنەماکانی زمانەوە، ڕێ لە پرۆسەی ئاشناییسڕینەوە دەگرێت، بەمەش سنوورە ئەخلاقییە نوێیەکان دەبنە کۆتوبەندێکی توند بەسەر دەستی نووسەرەوە؛ چونکە ئەدەب لە جیاتیی ئەوەی کایەیەک بێت بۆ ئازادیی وێناکردن و جوانی، ناچار دەکرێت ملکەچی پێوەرە سیاسی و فەرهەنگی و ئایدۆلۆژییەکانی سەردەم بێت، ئەمەش داهێنان دەکوژێت و جۆرێک لە سانسۆری ناوەکی بەسەر زماندا دەسەپێنێت.

ئەم مەیلی دادگاییکردنە، چەکێکی کاریگەر دەداتە دەست دیکتاتۆرەکان، ئایدۆلۆژیستەکان و توندڕەوە ئاینییەکان و ئەوانیش دێن، بە ناوی پاراستنی قەوارەی نەتەوە، شکۆی ئاین و شۆڕشەوە، لەمپەر لەبەردەم فڕینی شاعیر دادەنێن. ئەوان دەڵێن، مادام زمان

بەرپرســـیارێتیی واقیعی هەیە، کەواتە شـــاعیر خائین یان کافرە، یان تێکدەری ڕەوشـــتی گشـــتییە. مێژووی ئەدەب پڕە لە هەوڵی دادگایی یان کوشـــتن و تەرمی ئەو شـــاعیرانەی بوونە قوربانیی ئەم تێکەڵکردنە کوشـــندەیەی نێوان مەجاز و واقیع، لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردییشـــدا کەم نین ئەوانەی کە بەر ئەم پرســـە کەوتوون لە نموونەی 'شـــێرکۆ بێکەس، محەمەد موکری، شـــێرزاد حەســـەن، قوبادی جەلیزادە و چەندانی تر'. لەم دۆخەدا شـــاعیر ناچاری دیپلۆماسیەتی زمانەوانی دەکرێت؛ پێش نووسینی هەر دێڕێک، لەبری بیرکردنەوە لە جوانی، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن خۆی لەم داوی دادگاییە ڕزگار بکات. ئەنجامەکەش خولانەوەی شیعر دەبێت لەناو بازنەیەکی پاتەبووەوەی سەلامەتدا، کە تێیدا هیچ ئاسۆیەکی چاوەڕوانی نوێ دروست نەبێت و هیچ مەودایەکی ئیستاتیکییش.

بۆ قووڵبوونەوە لە دیوی ڕەخنەی کولتووری، پێویستە ئاوڕ لە پڕۆژە گرنگەکەی عەبدوڵڵا غوزامی- ڕەخنەگری ســـــعوودی بدرێتەوە، بەتایبەت لە پەرتووکی ***'النقد الثقافي: قراءة في الأنساق الثقافية العربية'***، کە دکتۆر محەمەد تاتانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەم کتێبەدا، غوزامی شـــۆڕشـــێکی بەســـەر ڕەخنەی ئەدەبی کلاسیکیدا هێنا، ســـەروەختێک پێ دادەگرێت لەســـــەر ئەوەی، کە ڕەخنەی ئەدەبی (ئیســـــتاتیکی) مێژوویەکی درێژە خەریکی شاردنەوەی عەیبە گەورەکانی کولتوورە.

غوزامی چەمکی 'نەســـەقی کولتووری' وەک ئامرازێکی شـــیکاری بەکار دەهێنێت. نەســـەق بریتییە لەو پێکهاتە نادیار، بنەچەیی و مێژووییەی کە لەناو نائاگای کۆمەڵایەتیدا کارا دەبێت. نەسەقەکان لەڕێگەی زمانەوە دەگوازرێنەوە. بە بڕوای غوزامی، شیعری کلاسیکی عەرەبی (بەتایبەت شیعری ستایش - المديح) نەسەقێکی ترسناکی وەک 'شاعیری هەڵتۆقیو' یان 'دیکتاتۆری تاکەکەســـی' بەرهەم هێناوە. شـــاعیر کاتێک بە خەلیفە یان ســـەرکردەدا هەڵدەدات، وێنەیەکی ئیستاتیکیی زۆر جوانی لێ دروست دەکات، بەڵام لە ژێرەوە، نەسەقی باوکسالاری، خێڵەکی و دیکتاتۆری لەناو مێشک و دەروونی تاکی کۆمەڵگادا جێگیر دەکات.

ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەبوو ئەویش "دەرکەوتنی شـــاعیری پیاهەڵدەر و کولتووری پیاهەڵدان و کەسـێتیی ڕۆشـنبیری پیاهەڵدەر، لە بەرامبەر ئەمەشـدا دەرکەوتنی کەسـێتیی پیاهەڵدراو" بوو(تاتانی:٢٠٢٥، ١٦٧). بەو مانایەی کە نەسەقی شاراوە لە شیعری ستایشدا، ئـامرازی خولقـانـدنی پێکهـاتەیەکی کۆمەڵایەتیی نـاهـاوســـەنگە؛ بە جۆرێـک نەســـەقی باوکســـالاری، ڕۆشـــنبیر ڕام دەکات بۆ خزمەتی ناوەندی دەســـەڵات و حاکمیش دەکاتە سیمبولێکی پیرۆز و دوور لە ڕەخنە.

تێڕوانینی غوزامی لەم خاڵەدا بەستراوەتەوە بە چەمکی 'پێکهاتەی فرەکیان'ەوە لەناو دەقدا، ئەو باوەڕی وایە هەر دەقێکی ئەدەبی خاوەنی دوو جۆر مانـایە: مـانـایەکی ئـاشـــکرای ئیستاتیکی، کە نووسەر بە هۆشیارییەوە دایدەڕێژێت، لەگەڵ مانایەکی شارراوەی نەسەقی، کە لە ژێرەوە کار دەکات. ئەم نەســـەقە فەرهەنگییە، بەهۆی ئەوەی لە قووڵاییی نائاگای کۆمەڵایەتیدا چەســـپاوە، توانایەکی ترســـناکی هەیە بۆ فریودانی وەرگر. خوێنەر بەهۆی مەســتبوون بە جوانیی ڕووکەش و دەربڕینە هونەرییە باڵاکان و گەمەکانی ڕەوانبێژییەوە، بە ئاسـانی ڕێگا دەدات نەسـەقە سـەرکوتکەرەکان دزە بکەنە ناو سـیسـتمە فیکرییەکەیەوە. لەبەر ئەمە، ڕەخنەی کولتووری پێ لەســـەر ئەوە دادەگرێت، کە تەنیا بەســـەرکردنەوەی جوانی، جۆرێکە لە پاکانەکردن بۆ ئەو ســـیســـتمە ســـیاســـی، فەرهەنگی، ئـاینی و کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ کۆیلە دەکەن.

خـاڵێکی دیکەی جەوهەری لە پرۆژەکەی غوزامیدا، گۆڕینی ئـاڕاســـتەی پێوەرەکـانە لە 'نوخبەگەرایی'یەوە بۆ 'جەمـاوەرگەرایی' چونکە کێڵگەی پشـــکنینی ڕەخنەیی لە دەقە باڵاکانەوە فراوان بووەوە بۆ گوتاری ڕۆژانە و کایە جەماوەرییەکانی **وەک پەند و ئیدیۆمە فۆلکلۆرییەکان، گۆرانییە میللییەکان، نوکتە باوەکان و ڕیتوێڵە کۆمەڵایەتییەکان** و ...تاد، کە ئەمانەش بە هەمان شـێوەی دەقە ئەدەبییەکان هەڵگری نەسـەقە شـاراوەکانی باوکسـالاری، سـتەم و چەوسـانەوەن و بە نائاگاییی ڕەفتار و تێڕوانینی تاک ئاڕاسـتە دەکەن. ڕەخنەی

ئەدەبیی کلاسیکی هەمیشە دەقە مەزنەکان و شاعیرە ناودارەکانی دەکردە سەنتەر، بەڵام غوزامی پێمان دەڵێت نەسەقە فەرهەنگییەکان لە هەموو شوێنێکدا بڵاو بوونەتەوە. ئەوان لەناو قسەوباسی ڕۆژانە، ڕیتوێڵە گشتییەکان و فۆلکلۆردا بە هەمان هێزی دەقە باڵاکانەوە ئامادە دەبن. ئەم گشتگیرییەی نەسەق وای کردووە ڕەخنەی کولتووری سنووری تەسک و نەریتیی پۆلێنکردنی ئەدەبی ببڕێت. ڕەخنە چی تر لە کایەیەکی بەتاڵ لە ململانێدا ناژی و دەبێتە پرۆسەی داماڵینی دەسەڵات لەو ناوچانەی وا وێنا دەکرێن، کە گۆڕەپانی بێتاوانی و جوانیی ڕووتن.

لەم ڕوانگەیەوە، ڕەخنەی کولتووری نایەت بەدوای جوانیی ڕووکەشی دەقدا بگەڕێت، بەڵکوو دەیەوێت ئەو ماسکە ئیستاتیکییە دابماڵێت، کە نەسەقە ستەمکارەکان خۆیانی تێدا دەشارنەوە. غوزامی دەڵێت جوانیناسی زۆرجار دەبێتە خزمەتکاری دەسەڵات؛ سەروەختێک خوێنەر مەست دەکات بە چێژی وشەکانەوە، لە هەمان کاتدا مێشک تەسلیمی بێدەنگی دەکات لەبەردەم نادادپەروەریدا. لێرەوە، ڕەخنەی کولتووری وەک فریادڕەسێکی فیکری دەردەکەوێت. ئەو دێت بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی جادووی زمانێک، کە نەیارانی ئازادی بەرهەمی دەهێننەوە. لەم سۆنگەیەوە، پڕۆژەکەی غوزامی و ئاڕاستەی ڕەخنەی کولتووری، ئامانجیان کوشتنی شیعر یان سڕینەوەی ئیستاتیکا نییە؛ هێندەی جەختکردنەوەیە لەوەی، کە چێژی ئیستاتیکی نابێت ببێتە هۆکارێک بۆ کوێرکردنەوەی هۆشیاریی خوێنەر. ڕەخنەی کولتووری دەیەوێت ئاستی وەرگرتن لە چێژوەرگرتنێکی کوێرانە و پاسیڤەوە بگوازێتەوە بۆ وەرگرتنێکی هۆشیارانە و چالاک. ئەم بەئاگاهێنانەوەیە، نەفیی جوانیی زمان ناکاتەوە، هێندەی ئەوەی زەمینەیەکە بۆ چاوکراوەیی خوێنەر بە دیدگایەکی ڕەخنەیی، کە ڕێک خزمەت بە جێگیربوونی چەمکی 'ئیستاتیکای هۆشیار' دەکات.

به گەڕانەوە بۆ سەرنجەکانی غوزامی لە کتێبەکەیدا، دەشێت ئەوە بەرچاو بخەین، کە ئەگەر تێزەکەی غوزامی بە ڕەهایی وەربگیرێت، زیانێکی گەورە بە جەوهەری شیعریەت دەگات، بەڵام پرسیارێکی تر لێرەدا دێتە گۆڕێ: ئایا ئەگەر ئیستاتیکا و ئاکتوالیزاسیایش تەواو ڕەها و بێباک بن لە هەموو بەهایەکی مرۆیی، نابنە دیکتاتۆرێکی نوێ؟

بە ڕای ئێمە وەڵامەکە ئەرێیە، کاتێک ئازادیی شاعیر دەگاتە لووتکەی دابڕان لە ئێش و ئازار و کەرامەتی مرۆڤەکانی تر، جۆرێک لە 'فاشیزمی جوانیناسی' دروست دەبێت. نازییەکان نمایشە سەربازییەکانیان، دروشمەکانیان و تەنانەت پرۆسەی سڕینەوەی مرۆڤەکانیشیان بە دیزاینێکی فۆرمالیستی زۆر ڕێک و پیشاندانی وێنەیەکی ئیستاتیکی بەهێز دەکرد، ئەگەر تەنیا بە پێوەری جوانیی فۆڕم بڕیار بدریت، کارێکی بێخەوش بوو، بەڵام خۆ لە ناوەڕۆکدا مرۆڤایەتییان لەناو دەبرد.

شاعیرێک بە ناوی نامۆکاری و ئازادیی زمانەوە، وێنەیەک دروست بکات، کە لە ڕێگەیەوە سووکایەتی بە گرووپێکی چەوساوە، ژنان، یا کەمینە نەتەوەیییەکان بکات، ئەو ئازادیی ڕاستەقینەی بەکار نەهێناوە، بەڵکوو بە بیانووی ئیستاتیکاوە کەرامەتی مرۆڤی کردووەتە قوربانیی کایەکی زمانیی سارد. ئێرە ئەو دۆخەیە کە ڕەهابوونی ئیستاتیکا هێزێکی وێرانکەرە و ئیتر پێویستی بە سنووردارکردن هەیە. ڕەخنەی کولتووری ئیدی لەم ئاستەدا پارێزەری کەرامەتی مرۆڤە و ڕێگا نادات جوانی ببێتە دەمامک بۆ شاردنەوەی ناشیرینییەکانی دەسەڵات و ستەمکاری.

گرفتە گەورەکەی ڕەخنەی کولتووری کاتێک دەردەکەوێت، کە خۆی دەبێتە نەریت، دەبێتە دامەزراوەیەکی جێگیر. ئەم دیاردەیە پێی دەوترێت 'دامەزراوەبوونی ڕەخنە'، کاتێک ڕەخنەگرانی کولتووری پۆستی پۆلیسی زمان وەردەگرن، بازنەیەکی داخراوی دۆگما بەرهەم دەهێنن، ئەوان بە ناوی دژایەتیکردنی عەیبەکانی کولتووری کۆن، دێن عەیبەی نوێ دروست دەکەن. ئەگەر لە ڕابردوودا نەریتی کۆمەڵایەتی دەیگوت 'ئەم دەقە لادانە لە

ئەخلاق'، ئێستا ڕەخنەگری کولتووری دەڵێت 'ئەم دەقە لادانە لە تیۆرییە هاوچەرخەکان'. بۆ شـاعیرەکە ئەنجامەکە یەک شـتە ئەویش خنکانی خەیاڵە. ڕەخنەی کولتووری کاتێک دەبێتە دۆگما، چی تر گوێ لە لایەنی هونەریی دەق ناگرێت، تەنیا دەیەوێت تێزە پێشـــوەختەکانی خۆی بەســـەر شـیعردا بســـەپێنێت. شـیعر لە کایەیەکی پڕ لە ســۆز، خەیاڵ و ئەگەرەوە، دادەبەزێنێت بۆ وتارێکی سۆسیۆلۆژیی وشک. زمانەکە قوفڵ دەکات و پۆتانسیێلی داهێنان دەکوژێت. ئەمە پاشکەوتووییەکی نوێیە، کە لەژێر ناوی ڕۆشنگەریدا خۆی دەنوێنێت.

لە ئەدەبی کوردیدا، ئەم ململانێیە بە شـێوەیەکی تەندروسـت نییە، یاخیبوونە شـیعرییەکان زۆرجـار دەبنە زمـانبـازیی هێنـدە نـامۆ بە واقیع، کە هیچ پێوەنـدییەکی بە ئـازاری مرۆڤی کوردەوە نـامێنێت؛ یـا ڕەخنەکـان دەبنە دادگـاییەکی ئـایـدۆلۆژی و حزبیی وشـــک، کە ڕەگوڕیشەی شیعریەت لەبن دەهێنن، دەشێت وەک چاودێرێکی بوارەکە ئەوە نیشان بدەین ڕێگای ڕاست، تیۆریزەکردنی ئەم پەیوەندییەیە وەک پێویستییەکی دوو سەرە، کە ئەم دوو دیوە 'ئیستاتیکا' و 'ڕەخنەی کولتووری' ناتوانن بەبێ یەکتر بژین.

دەربازبوون لە دۆگماتیزمی فۆڕم و تەوقی ڕەخنە پێویستی بە دۆزینەوەی قۆناغی سـێیەم هەیە، ئەم قۆناغە نوێیە دەشێت ناوی بنێین 'ئیستاتیکای هۆشیار' یان 'ڕەخنەی داهێنەر'، کە لە بەرایییدا ئاماژەمان پێی داوە. لەم قۆناغەدا، شـــاعیر و ڕەخنەگر لە یەک بڕگەی فیکریدا دەگەن بە یەکتری؛ شـاعیر بە باڵاترین ئاسـتی لادانی زمانی سـنوورەکان دەبەزێنێت، بەڵام هـاوکـات بە هۆشـــیـارییەکی قووڵەوە ڕێ دەگرێت لەوەی مێتـافۆرەکـانی ببنە ئـامرازی شـاردنەوەی سـتەمکاری. ڕەخنەگرانیش لەبری پۆلیســی زمان، دەبنە پاڵپشـتی پۆتانسـێلی داهێنان لەپێناو مرۆڤایەتیدا.

ئەم فەزایە نوێیە زەمینەیەکە، کە لە ئامێزیدا داهێنانی هونەری بەرپرســـیـارێتیی فیکریی خۆی فەرامۆش ناکات. لادانی مێتافۆری لەم قۆناغەدا وەک زەبرێکی توند بۆ ســەر ڕواڵەتە چەقبەستووەکانی دەسەڵاتە، بێ ئەوەی کەرامەتی مرۆڤی تێدا بکرێتە قوربانی. بەم شێوەیە

شاعیر هۆشیارە بەوەی زمانەکەی چۆن ئاڕاستە دەکات و ڕەخنەگریش فۆڕمی ئیستاتیکی وەک جیهانێکی ناوازە قبووڵ دەکات. ئەم هاوئاهەنگییە بەربەســـت لەبەردەم فاشـــیزمی جوانیناسی و هاوکات پۆلیسێتیی ڕەخنەدا دروست دەکات. لەم شوێنەدا، شیعر بزوێنەری هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و فیکرییە و دەرگای نوێ بەڕووی جیهانی مەجازدا دەکاتەوە. ئێمە پێمـان وایە ئەمە ئەو دۆخە تەنـدروســـتەیە، کە ئەدەبی کوردی پێویســـتی پێیەتی بۆ دەربازبوون لە چەقبەســـتوویی مێژوویی. جگە لەوەش شـــاعیر پێویســـتی بە ڕەخنەگری کولتوورییە وەک ئاوێنەیەک، بۆ ئەوەی ناهۆشـــیارانە نەبێتە پاشـــکۆی نەســـەقە کۆنەکانی بـاوکســـــالاری و خێڵەکی و ... تـاد. ڕەخنەی کولتووریش پێویســـتی بە بـازدان و یاخیبوونەکانی شـــاعیرە، چونکە ئەگەر ئەو ســـــەرپێچییە زمانەوانییانە نەبن، تیۆرییەکان وشـــک دەبن و خوێنی نوێ ناچێتە ناو دەمارەکانی فیکرەوە. دەشـــێت بشـــڵێین جوانیی ڕاســـتەقینەی ئەدەب لە ناو ئەم گرژییە ئەبەدییەدایە، پەتێکە لە نێوان دوو جەمســـەردا ڕاکێشـراوە، ئەگەر شـاعیر بەتەنیا پەتەکە بە لای خۆیدا ڕابکێشـێت، شـیعر لە بۆشـاییەکی بێباکدا ون دەبێت و ئەگەر ڕەخنەگر پەتەکە بە لای خۆیدا ڕابکێشـــێت، پەتەکە دەپچڕێت و شـــیعر دەخنکێت، پاراســـتنی ئەم دیالێکتیکە، تاکە زامنی مانەوەی ئەدەبێکی زیندوو و کۆمەڵگایەکی هۆشیارە.

لە دوادواییدا دەڵێین، کایەی ئەدەبی هـاوچەرخ نـاتوانێت بە دابڕانی ڕەهـای نێوان فۆڕم و ناوەڕۆک، یان جوانیناسـی و بەرپرسـیارێتیی مێژوویی بەردەوام بێت. دادگاییکردنی مەجاز بە پێوەرە وشـــکەکانی واقیع، خنکاندنی خەیاڵ و پەکخســـتنی پۆتانســـێلی داهێنانی لێ دەکەوێتەوە؛ هاوکات ڕەهاکردنی بێباکانەی ئیســـتاتیکاش زمان بەرەو فاشـــیزمێکی نوێ و شـــاردنەوەی نەســـەقە ســـەرکوتکەرەکان دەبات. چارەســـەری زانســـتی و فیکری لە پێکەوەبەســتنی ئەم دوو ئەرکەدایە لەڕێگەی چەمکی 'ئیســتاتیکای هۆشـیارەوە'؛ پانتاییەک کە لە میانەیدا شـــاعیر ســـنوورەکانی زمان بۆ بەدەســـتهێنانی باڵاترین ئاســـتی ئازادی

دەبەزێنێت، ڕەخنەگریش وەک ئاوێنەیەک بۆ ڕۆشـــنگەری پاســـەوانی کەرامەتی مرۆڤ دەکات. ڕزگاربوونی ئەدەبی کوردی لە بەشـــێک لە چەقبەســـتوویی ئێســـتای، گرێدراوی قبووڵکردنی ئەم گرژییە بەردەوام و هاوسەنگەیە.

**سەرچاوەکان:**


١-حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨). ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی- کوردستانی عێراق '١٩٥٠-١٩٧٠'. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

٢- ئەلغەزامی، عەبدوڵڵا (٢٠٢٥). ڕەخنەی کولتووری خوێندنەوەیەک بۆ نەسەقە کولتوورییە عەرەبییەکان. د. محەمە تاتانی. چاپی یەکەم. ناوەندی ڕۆمان. سلێمانی.

٣- ئەسوەد، د. نەوزاد ئەحمەد(٢٠٢٥). ڕەخنەی ڕۆشنبیری تیۆری و زاراوە. چاپی یەکەم. چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.

٤- بەرزنجی و بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر و عەلی تاهیر (٢٠٢٤). کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

٥- محەمەد، ئەنوەر قادر (٢٠٢٣). دەربارەی شـــیعری گۆران. چاپی یەکەم. چاپخانەی سەردەم. سلێمانی.